# (نەسرین نامیق) قوربانییەکی تری فەرهەنگی پیاوسالاری وناموسپەرستی!



بەرواری 9-8-2006 لە شاری هەلمستادی سوید، نەسرین نامیق کەتەمەن 45 سالە بەدەستی عادل ئەحمەد کە هاوسەری پیشووی نەسرین ئەبیت ، بە چەقۆ ئەکوژرێت، نەسرین خاوەنی دوو کوری تەمەن 18سال و 20سالەیە. نەسرین جگە لەوەی ماوەی دووسالە لە عادل جیا بۆتەوە و چەند جار کیشەکەیان براوەتە دادگا، و دووسال لە خانەکانی ئەمندا ژیانی بردۆتەسەر و ویستویەتی ژیانیکی تازە بۆ خۆی پیکەوە بنێت، بەلام داب و نەریتی پیاوسالارانە وناموسپەرستی ریگانادات بە عادل، هەروا ژیانی هاوسەری پیشووی تیپەری، بۆیە پەنابۆ دۆزینەوەی ریگایەك دەبات تا رق و قین ودەمارگیری پیاوسالارانەی تۆلەی شەرەف بەکوشتن بکاتەوە. ئەمە لەکاتیکدایە کە چەند جاری تریش هەولی کوشتنی نەسرینی داوەو بۆی نەچۆتەسەر. تالەئەنجامدا توانی ئامانجی تاوانکارانەی خۆی بهینیتەدی ....

بەلام ئەمە یەکەمین جار نییە لە ئەوروپادا ژنان ئەکوژرێن، بەلکو کوشتنی ژنان بەبەهانەی ناموس و شەرەف بۆتە دیاردەیەکی باوی ئەوروپای موتەمەدن وتائیستا دەیان کارەساتی لەمجۆرە سەرتۆپی هەوالی رۆژنامەو میدیای داگرتووە. ئەوەی پرسیارە لەمبارەوە ئەوەیە کەهۆی چییە ئەم رووداوانە بەم کارەساتە دژی ئینسانییەوە دەخولقین؟ چییە وادەکات کە باوکان وبراو میرد و کور دەستی چەقویان دەگاتە کچان و ژنان و هاوسەریان وبەدرندانەترین شیوە، لەنیوجەرگەی کۆمەلگای ئەوروپادا، کەماف و ئازادییە فەردییەکان تیدا بەرقەرارە، دەیانکوژن؟

لەژیر سایەی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورددا ئەوە ژنانی کوردستانن کەلەگەل داب و نەریتی دواکەوتوانەی قەومی وئاینی وعەشیرەتین وبەپیوانەکانی فەرهەنگی پیاوسالاری و ناموس پەرستی وبەپێی شەریعەتی ئیسلام ماف وئازادییە فەردییەکانیان دەپیوری و ئازادییان لی زەوت دەکری وهاوکات دەکرینە پاشکوی پیاوان و وەك بەشیك لەشەرەف و کەرامەتی پیاوان و خیزان و تایەفەو عەشیرەت و نەتەوە و ئاین پیناسەیان بۆ دەکری. بەرادەی ئەوەی ئەگەر ژنان لەم پیوانانە و لەیاسایەك کە دەسەلاتداران بەسەر ژناندا دایان سەپاندووە لایاندا، ئەوا هەق بەپیاوان دەدری کەبەکوشتن وەلامی کچان و ژنان و هاوسەرانیان بدەنەوە. یاسای باری کەسیتی کەتائیستا لەکوردستان بەریوە براوە بەرۆشنی کوشتنی ناموسی رەسمیەت پیداوە و دەستی پیاوانی ئاوەلاکردووە کەبەبەهانەی شەرەف تاوان ورەشەکوژی لەدژی ژنان بەریوە ببەن بەبی ئەوەی دەسەلاتدارانی کوردستان ئامادەبن بەرەتکردنەوە و هەلوەشاندنەوەی. بەم هۆیەوە ولەماوەی پانزە سالی رابردوودا زیاتر لە 33هەزار ژن یانکوژراون وەیا پەنایان بۆخۆسوتاندن بردووە وبوونەتە قوربانی ئەم یاسا کۆنەپەرستانەیە...

بەم حالەوە کاتیکیش ژنانی کوردستان روو ئەکەنە ئەوروپا وژیانی خیزانی دەکەن، لەسەریکی ترەوە رووبەرووی سیاسەتی جیاکاری ئەبنەوەو بەدوور لەپیداویستییەکانی تیکەلاوبوون ودەستکەوتەکانی کۆمەلگای ئەوروپا، رادەگیرین. مەلتی کالچەریزم و نسبیەتی فەرهەنگی وسیاسەتی کەمپسازی و دابرانی پەنابەران لەپیوانە جیهانی و مەدەنییەکان، سەرەنجام ژنان لەچوارچیوەی هەمان عەقلیەت وفەرهەنگ وداب ونەریتی خۆولاتی ودواکەوتوانە دا دەهیلیتەوە و دەیان خاتەوە بەردەم تاوانەکانی کوشتنی ناموسپەرستییەوە. فادیمە، پیلا، هیشوو بەناز وچەندین ژنیتر قوربانی ئەم بارودۆخەن...بەلام دەبی چی بکریت بۆریگەگرتن بەدووبارەبوونەوەی ئەم رەشەکوژییەی ژنان و تاوانەکانی ناموسپەرستی؟

ئەگەر دامەزراندنی دەولەتیکی سکولار و مەدەنی، لەولاتانی رۆژهەلات ولەوانەش کوردستان لەسەربناغەی سەلماندنی ماف و ئازادییەکانی ژنان ودەستکۆتاکردنی دەخالەتی ئیسلام و شەریعەتەکەی لە ژیانی کۆمەلگادا وبەتوندی لەدژی فەرهەنگی پیاوسالاری و کۆنەپەرستانە راوەستی..وەلامیك بیت بەم دیاردەیە، ئەوا لایەکی تری راوەستانەوە بەرووی تاوانەکانی کوشتنی ناموسی بەبەهانەی ناموسی هەلوەشانەوەی هەموو ئەو یاسا و بریارانەیە کەدەولەتانی ئەوروپاو لەوانەش دەولەتی سوید بەهۆی سیاسەتی فرە فەرهەنگییە لەبەرامبەر ژنانی پەنابەر و خەلکی رۆژهەلاتدا گرتویەتییەبەر.

دەولەتی سوید لەژیر ناوی پاراستنی کلتوری (نەتەوە جیاجیاکاندا) ئینسانەکانی دابەش کردوە و بەشیکی کۆلەکەی سیستمی دەولەتەکەی لەسەر ئەم سیاسەتە راگرتووە، هەروەك چۆن مۆری حیجاب و خەتەنەی کچان و منالانی داوە لە جالیەی سۆمالییەکان تا ئەو ئاستەی مزگەوتیان بۆ ئەکاتەوە و پالپشتییان ئەکات ،ئاواش مۆری کوشتنی ناموسی داوە لە ژنانی پەنابەری کوردو ئەمەی بە بەشیکی سەرەکی لە کلتورییان قبول کردوە ، تەقسیم بەندییەك کە دەولەتی سوید ئەیکات و ناوی شەرقی بوون و غەربی بوونی لی ئەنیت ، سیاسەتیکی

کۆنەپەرستانەو دژە ئینسانیەیە ، و لەم سیاسەتەشدا ژنان یەکەمین قوربانی ئەم جیاکاریەن چونکە سیاسەتەکە ئەوەندە راسیستیەیە مافەکانی ژنانی پەنابەر لە ژنانی ئەوروپی جیائەکاتەوە و تا ئیستا هیچ دەولەتیکی ئەوروپی مافەکانی ژنانی پەنابەری بە پیوانەی جیهانی رەسمیەت پیێ نەداوە .. هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەم جیاکاریانەو ئەم سیاسەتانە وسەلماندنی مافەکانی ژنانی پەنابەر بەپیی ستانداردیکی جیهانی و هاولاتیانی ئەوروپایی بیگومان کاریگەری راستەوخۆ لەسەر ریگای کۆتایی هینان بەدیاردەی کوشتنی ناموسی دادەنی.. هەرئیتساش دەبی دەولەتی سوید بەشیوەیەکی یاسایی بریاربدات کە :

– نابیت بە هیچ جۆریك تەبریر بۆ تاوانبارانی کوشتنی ناموسی بەبەهانەی فەرهەنگی خۆمالی و شەریعەتی ئیسلام بکری و ئەبیت تاوانبارانی ئەم کارانە بە توندترین شیوە سزای خۆیان وەربگرن.

– ئەبیت دەولەت ئیمکاناتی تەواو بخاتە بەردەست ریکخراوەکانی ژنان بەمەبەستی ئەوەی زیاتر رۆلی چالاکانە لە رزگارکردنی ژیانی ژناندا ببینن و ریگە لە روودانی ئەم چەشنە تاوانانە بگیریت..

– ئەبیت دەولەت بەبی جیاکاری مافی هاولاتی بوونی یەکسان بۆهەموو ژنان وخەلکی پەنابەر بەرەسمی بناسینی و وەك باقی هاولاتیانی ئەوروپایی مامەلە لەگەل ماف و ئازادیەکانیاندا بکات.


**ئالا فەرەج**

**سەرنووسەری بلاوکراوەی ( یەکسانی )**

Ala_faraj@yahoo.com


2006-8- 19